# چەند ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر؛
# مەسڵەحەت نەپارێزییەکی پێویست و بە مەسڵەحەت

**نوسینی : عومەر ئێلخانیزادە**

ماوەیەکە ماڵپەڕە ئینتێرنێتیەکان و ڕۆژنامەکانی کوردستانی عیراق، پڕن لە باسوهەواڵی ناو "حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران" و کار وئاکاری ناشیرینیان. ڕەهبەرانی ئەو حیزبەش بە ناوی شاراوە، ئەوەی بێتە سەر زار و قەڵەمیان نایگێڕنەوە. ئەو باسانە زۆر جار لە لایەن نەیارانی کۆمەڵەشەوە بۆ شکاندنی کۆمەڵە زەق دەکرێنەوە. من ماوەیەک ڕاوەستام تا بزانم ڕێبەریی ئەو حیزبە چەندە خۆی لە هەڵوێستی تارماییەکانی سەر تۆڕی ئینتێرنێت دور دەخاتەوە و چەندە دەبێتە ساحێبی ئەو هەموو بوختان و بێحورمەتیە بە ئینسان. بە داخێکی زۆرەوە، تا هات زۆرتر پێمسەلما کە تارماییەکانی سەر ماڵپەڕە حیزبیەکەی "حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران" هەر هەمان ڕێبەران و بەرپرسە سەرەکیەکانی ئەو حیزبەن و شاعیر وتەنی "چون بە خلوت میروند آن کار دیگر میکنند". ماوەیەکیش ڕاوەستام تا خوا بکا من لە هەڵەدا بم و خۆتان وەدەنگ بێن، بەڵام دیار بوو بە داخەوە هەر مێشێکیشتان میوان نییە ومن هەر خەون بە ڕابردوتانەوە دەبینم.

بەهەرحاڵ دوای بیرکردنەوە و ئەسەف و خۆخواردنەوەی زۆر، هاتمە سەر ئەو قەناعەتە کە پێویستە هەندێک ڕاستی حاشاهەڵنەگر باس بکەم و دوای ئەو هەموو بوختانە، بێدەنگی بەرانبەر بە ڕای گشتی خەڵکی کوردستان بشکێنم و ئەو نامە سەرئاواڵەیە بنوسم. ئەوەی زۆرتریش پاڵی پێوەنام بۆ ئەم نووسینە، ڕادەی سنوربەزاندنی بێسنوری حیزبەکەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە بوو، لەمەڕ شکاندنی حورمەتی کۆمەڵە، هی هەمومان و هی خۆشیان. ماوەیەکە کاری عەیبی کەس نەکردوو، بۆتە پیشەی ئەو بەرێزانە و حیزبەکەیان، کە بە داخەوە، هەمووشی بە ڕادەیەک داوێنی هەر هەموومان دەگرێتەوە.

باسکردنی ئاشکرا لە خوسوسیترین گۆشەی ژیانی تاک چ بە ڕاست و چ ناراست، تەقە سازکردن لە ناو پێشمەرگەی کۆمەڵە، گاڵتەکردن بە عەقڵی مرۆڤ و بە گەمژەزانینی هەموو تێکۆشەرانی کۆن و تازەی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، ڕاخوشینی وەک تارمایی(شەبەح) بە ناو جەدەل و باسی سیاسیدا بە زاری کراوە و چاو و گوێی بەستراوەوە، هاتنە ناو مەیدانی سیاسەت بە دەمامک و بە شاراوەیی بۆ شێواندن، حەولدان بۆ ڕفاندن و لە ناو بردنی نەیاری سیاسی یان "ناسیاسی"، ئازاردانی ژن و منداڵ و پەیڕەو کردنی بێرەحمانەترین کردار و ڕەفتار بەرانبەر بە یاری دوێنێ و نەیاری ئەوڕۆ، هەڵشاخان و داخوڕین و تاوانبارکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە ڕەخنەگرن، ڕاست بەو تاوانانەی کە خۆیان کردوویانە و ماک و سەرچاوەیان بوون و، زۆر ڕەوشتی ناپەسەندی دیکە کە لە لایەن ڕێبەری ڕەسمی ئەوڕۆی ئەو حیزبە و بە بەرپرسیاریەتی شەخسی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی ئەنجام دراون.

منیش، وەک زۆرێک لە هاوڕێیان و دۆستان بەو ڕەوشت و کردە نارەوایانە، لە ناخەوە هەژاوم و پێی تورە بووم، بۆیە پێموایە وەختی هاتوە و بڕیارمدا بە ناو و شۆرەتی خۆم و بێ دەمامک، هەندێک ڕاستی و فاکتی حاشاهەڵنەگری ئەم ساڵانەی دوایی بخەمە ڕوو و، ئەوەش ڕێک لە مەسڵەحەتی کۆمەڵە و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دەزانم و، چ باکیشم نییە کە دەمامک پۆشەکان و پاڵەوانە نادیارەکان، زارم لێبکەنەوە یان بەشێک لەو ڕاستیانە لە هەر کوێی، گەر داوێنی خۆشم بگرێتەوە یان کەموکورتی من بۆ لە قاودانی زووتری ئەو دیاردانە، دەربخات. قەزاوەت لەوبارەوە دەسپێرم بە خوێنەران و ویجدانی مێژوویی ئینسانەکان. نامهەوێ تەنیا ئیدیعا و تەحلیل بکەم، ناچمە ناو مەیدانی تۆڵەستاندنەوەی شەخسی و ئازاردانی کەسێتی هیچ کەس، بەڵکوو ئەو ڕوداوانە باس دەکەم کە هەمووی سیاسی و گرینگن و بەڵگەیان لە پشتە و بە دەستمەوەن، ئێتر ماوەیەکی زۆرە، نە ناوخۆیی حیزبین و، نە مەسەلەی ئەمنیەتی بۆ کەس دورست دەکەن و نە لەو کێشانەی ئێستاوە سەرچاوەیان گرتووە. بە پێچەوانە ئەوانە بوون هۆ و سەرچاوەی پێکهاتنی کێشەکانی ئەو ساڵانەی دوایی و دابڕانەکانی ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

**١ ـ بێ پرەنسیپی سیاسی و "سیاسەتکردن" بە ڕێبازی سیاسی، کێ کردویە و دەیکات؟**

ماوەیەکە بەڕێز عەبدوڵڵای موهتەدی و باقی ڕێبەرانی حیزبەکەی چ لە ڕاگەیاندنەکانی کومیتەی ناوەندیی و سکرتاریەتیان و بە رەسمی و، چ بە ناوی نهینی "ناصر فاتحی"، "حسێن بیهجەتی" و "هیوا.م" و "کەژال قەمەریەوە" یەکێک لە تەوەرەکانی باسیان کە بۆتە بنێشتە خۆشکەی سەر زاریان و دەیڵێن و دەیجونەوە کە: گوایا ئێمە(کۆمەڵە_رەوتی ڕیفۆرم) خاوەنی نەزەری سیاسی، پێرەوی ناوخۆ و گوتاری سیاسی نین. پێمخۆشە لەو بەرێزانە و بە تایبەتی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی بپرسم: پرۆگرام و بەرنامەی ئێوە چییە؟ (پێرەوی ناوخۆکەتان بە بێ مادەی یەک، دەزانم چییە و دواتر قسەی لەسەر دەکەم) رەنگە ئەو پرسیارە برێک تورەتان بکا، بەڵام سەبرتان هەبێ و تورە مەبن، حەتمەن جوابتان ئەوەیە کە : "کۆمەڵە مەرامنامەی هەیە و ئەوە لە جیاتی بەرنامەیە." پرسیاری دوایی من ئەوەیە: ئایا ئێوە ئەو مەرامنامەتان قبوڵە؟ با پێشتر بڵێم، من ساڵیانێکە ئیتر ئەو مەرامنامەیە لەگەڵ بۆچونی خۆم بە نامۆ دەزانم و بۆیەش وەک کەمینەی کومیتەی ناوەندیی ئەوکات لە بەیاننامەی خۆماندا جۆرێکی دیکە لە روانگەمان راگەیاند کە بە قەولی ئێوە "لە شورای کاتی سوسیالیستە شۆرشگێرەکانی ئێران وەرگیراوە"، بەڵام لە هەر کوێمان دزی بێت، ئەوە سەرخەتی نەزەری ئێمەیە و ئێمە دژی سۆسیالیسمی تۆتالیتیرین. تکایە وڵامتان بەو پرسیارە لەمەڕ مەرامنامەکەی ١٦ ساڵ لەوەپێش و دیسان پەسەندکراو لە کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە، چییە؟ قبوڵتانە یان نا؟ وڵامەکەی لای من هەیە، دەزانم ئێوەش قبوڵتان نییە، بەڵام راستگۆ نین و نایڵێن و کاریشی پێناکەن و تەنانەت ناویشی لە کوولەکەی تەڕدا نییە و نەماوە و شاردوتانەتەوە. ئەگەر ئەوەتان قبوڵ نییە، چیتان قبوڵە؟ دەتوانن پێمبڵێن و بۆم بنووسن؟ کام سەنەدە و لە کوێ پەسەند کراوە؟ نەکا بڵێن فیدراڵیسم؟ خۆ ئەوە هەموو بەرنامە نییە، ئێمە و ئێوە و حیزبی دێمۆکرات و زۆر حیزبی دیکەش ئەو دروشمەیان قبوڵە. ئەوە ناکات بە بەرنامە، تەنیا دروشم یان رێگایەکە بۆ حەلی مەسەلەی میللی. خۆ بەندی یەکی پێرەوی ناوخۆشتان لەو بە ناو "کۆنگرەی ١٢" هەڵگرت و ئێستا زیاتر لە ٨ مانگیش تێدەپەڕێ و هیچتان لە جێگای دانەناوە. بەندی یەک تەنیا پێناسەی حیزبەکەی ئێوە بوو کە لە مێژە قسەی لە سەرە و هەموومان پێمان وابوو دەبێ بگۆردرێ، چونکوو هەموو شتێکی تێدا بوو و بە هەموو بارێکدا تەفسیر دەکرا. هەبوونی ئەو بەندە تەنیا رێگای دەربازبوونتان بوو تا بە هەر حاڵ بە جۆرێک روانگەی خۆتان بناسێنن. سەرەرای ئەم حاڵە، هێشتا ئێوە بە خەڵک دەڵین بێ سیاسەت؟ ئێوە کەسانێکن کە ناتانەوێ هیچ خەتێکی سیاسی لەسەرتان ببێ بە ماڵ، تا لە هەر کوێوە بای هات، شەن بکەن. ئێمە تا کۆنگرەی داهاتومان بە پێرەوی ناوخۆی تا کۆنگرەی ١١ کار دەکەین و بە ئاشکراش دەڵێین و گوتومانە کە لەو پێرەوەدا ئاڵوگۆڕ پێکدێنین، هەر لە بەندی یەکییەوە تا بەندی ئاخری، سەرخەتی ئەو ئاڵوگۆرانەشمان لە چەندین بۆنەدا باس کردوەو، ئێستاش سەیری سایتی کۆمەڵە بکەن، لە نەزەر و بۆچونەکانمان تێدەگەن.

ئێوە کە باسی پرەنسیپی سیاسی دەکەن، دەوێرن رابیگەیەنن کە یەکێک لە ئیختیلافەکانمان پوڵ وەرگرتن لە ئامریکا بوو؟ ئێمە موخالیف بوین پوڵ داوا بکەین"بەڵام لەگەڵ پێوەندی موافیق بوین، مەگەر کاک ناسر حیسامی نەیگوت: "لە کاتێکدا حیزبەکەی خۆمان وەزعی ئاوا نالەبارە و حیزبێکی شەفاف نییە، پووڵی زیاتر، ماسوولکەکانمان بە هێزتر ناکا، ورگمان زل دەکا"؟. مەگەر لە چەند کۆبونەوە و سمینارا ئێمە سیاسەتی چاوەروانیمان نەدایە بەر رەخنە؟ (فایلی دەنگی ئەو سمینارانەمان هەیە) مەگەر کاک عەبدوڵڵا وەک یەکێک لە خەتاکانی من لەوبارەوە لەولاولا قسەی نەکردوە؟ مەگەر لە پلێنۆمی دوای سەفەرەکەی ئامریکایان لەگەڵ کاک عەبوو، باسی ئەو مەسەلەی نەکرد؟ ( فایلی دەنگی ئەو پلێنۆمەش لامانە). بۆ بە ئاشکرا ئەو رەخنەیەمان لێناگرن و لە هەڵوێستی خۆتان دیفاع ناکەن؟ کامەمان لە سیاسەتدا شەفافین؟ مەگەر ئێمە نەبووین کە موخالیفی دانیشتن و دیدار لەگەڵ کۆری شا بوین و ئەلحەق هەرچەند ئێوە دانیشتنەکەتان پێباش بوو، ئەوکات نەمانهێشت و، دیدارەکەشتان نەکرد تا دوای جیابیمان. بۆچی جوابی دانیشتن لەگەڵ داریوشی هومایون ( کە نەتان کردوە) دەدەنەوە و لەمەڕ کوڕی شا بێدەنگەی لێدەکەن؟ بۆیەش ئەوانە باس دەکەم، چونکوو لە کێشەکانی ئەو دواییانەتاندا قسەیان لێکراوە و ئاشکرا بوون، دەنا بۆ ئێمە هەر ئەوەندە بەسە کە تا لەگەڵتان بووین، نەمانهێشت بەو ئارەزوە بگەن و بە ناوی کۆمەڵە ئەو کارە بکەن و خۆشمان تێوە نەگلاند. بە هەموو ئەوانەشەوە، هێشتا ئێوە باس لە پرەنسیپی سیاسی دەکەن و ئێمە بە بێ پرەنسیپ دەزانن؟ ئایا ئێمە "سیاسەت" بە

ڕێبازی سیاسی دەکەین یان ئێوە؟ خۆ هەر ئەو چەند نمونە نیشانیدەدەن کە ئێمە لەوبارانەوە ساحیبی قسە و سیاسەت بووین و هەڵوێستەکەشمان ڕوی مەجلیسی هەیە، ئەوە ئێوەن کە بە پەنامەکی و شاراوەیی ئەو سیاسەتانەتان کردوە و پێشتان خۆش نییە ئاشکرا بێ و ڕاشکاوانە قسەی لێبکەن. ئایا ئێوە نەبوون و نین کە چەندین جار لە حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەدا هەڵوێستی لە سەداسەد دژ بە یەکتان، وەرگرتووە، لە چەپی چەپەوە تا ڕاستی ڕاست؟ خۆ قەیناکاو، من بەشبەحاڵی خۆم بەشێک لەو گۆڕانی هەڵوێستانەم لە ئێوەدا پێباش بووە، بەڵام بەو سابیقە خاوێنەوە، هێندە مودەعی بوونە بە خراپ دەزانم و بە تایبەتی لە ئێوە ناوەشێتەوە.

**٢ ـ کێ تاقمسالارە و کێ بۆ چەسپاندنی حیزبایەتی تێدەکۆشێ و حەول دەدات؟**

کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و هاوڕێیانی چ بە ناوی شاراوە(بەڵام لە سەر سایتی ڕەسمی و حیزبی خۆیان) و چ لە ڕاگەیاندنی ڕەسمی حیزبەکەیاندا، خۆیان دەکەنە نوێنەری حیزبایەتی و بە ئێمەش دەڵێن "تاقمسالار". با بە کورتیش بووە هەندێک ڕاستی وەبیر ئەو بەڕێزانە بێنمەوە. مەگەر بەڕێزتان نەبوو هەر چاوی ئێمەتان غافل دیت، هەموو حیزبەکەتان کردە سەرباز و سکرتێریش بوو بە فەرماندەی گشتی؟ بە ڕاستی ئەوە لە قووڵایی عەشقتان بۆ حیزبایەتی سەری هەڵدا یان حەزێکی خەوتوی لە مێژینە بوو بۆ کردنی حیزبەکە بە ملکی خۆ؟ ئەوە بوو وڵامی پێویستی "کاری جەمعی" و "بە دەزگا و دامەزراوە کردنی کۆمەڵە" و پاراستنی پرەنسیپەکانی؟ نەکا بڵێن ستاندنەوەی مافی کەمایەتی و قەدەغەکردنی گرووپبەندی سیاسی لە پێرەوی ناوخۆدا نیشانەی گەشەی حیزبایەتییە؟ پتر لە دوو ساڵ لەوەپێش بوو کە لە پلێنۆمی کومیتەی ناوەندیدا من باسم لە پێکهاتنی فراکسیۆنێکی ئیعلام نەکراو لە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ئەو کاتدا کرد کە خەریکی کاری ژێربەژێرە و ڕاستەوخۆ بە کاک عەبدوڵڵام گوت جەنابت بویەتە ڕێبەری فراکسیۆنیکی ناراگەیەندراوو، لە نامەیەکیشدا بۆ پلێنۆمی کومیتەی ناوەندی هەر ئەوەم بۆ کاک عەبوی مودەریسی (یەکێکی دیکە لە ئەندامانی ئەم فراکسیۆنە چوار نەفەرییە نهێنییە)، نووسی. خۆ من دژی گروپبەندی و فراکسیۆنی ڕەسمی و ڕاگەیەندراو نەبووم و نیم، بەڵکوو ئەوەی خراپە، ژێربەژێر و بە نارەسمی و نادیار پێکهێنانی وەها گرووپبەندیگەلێکە (هەم فایلی دەنگی ئەم پلێنۆمە و هەم نامەکەی ئەوکاتی خۆم کە دامە هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش لە بەردەستمان دان). بەڕێزان کەس لەگەڵ جەنابتان هەڵناکات، ئەوە بیست ساڵە و لە دەورەی کمونیسمی کرێکارییەوە ئەو فراکسیۆنە چوار کەسیەی خۆتان، قەت ملکەچی هیچ قەرار و قەوارەیەکی حیزبی نەبووە، کەس نییە لە هەموو کۆمەڵەدا، غەیری ئەو چەند کەسەی بە دەورتانەوەن، باسی حیزبایەتی و حیزبیەت لە لایەن ئێوەوە بە جیدی وەربگرێت. باشوایە ئێوە بێدەنگەی لێبکەن و باسی تاقمسالاری نەکەن، لە حالێکدا لەو کۆنگرە جیناحیەتاندا هەرچی سوننەتی دێمۆکراتیک و باشی کۆمەڵە (با کاملیش نەبوبن) لەوبارەوە بوو، سڕیتانەوە و هەر بە ڕاستی نەک هەر تاقمسالاری، بەڵکوو تاک سالاریشتان زیندوو کردەوە. ئەگەر ئێوە تاقمسالار نین، ئەگەر لە خەتای کاک عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی دەکۆڵنەوە(کە من بە کارێکی ڕەوای حیزبی دەزانم)، بۆ لە خەتاکانی باقی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی و سکرتێر ناکۆڵنەوە، کە کەمترینیان لە ناو بردنی سەرمایەیەکی چەند سەد هەزار دۆڵاری کۆمەڵەیە( نەچن بیکەنە هاوار و بڵێن عومەر پێی گوتین دز، نا من لە ناوچوونی ئەو سەرمایە بە بێلیاقەتی بەڕێوەبەری لە لایەکەوەو، لە لایەکی دیکەوە، خەتای پەلە وحەز و مەیلێکی هەوسارپساو بوو بۆ بە دەستەوەگرتنی سەروەت و سامانی کۆمەڵە بە مەبەستی سیاسی، دەزانم). لە حالێکدا ئەو سەرمایە، بۆ کۆمەڵەی ئەوکات و، ئێستاش بۆ حیزبەکەی ئێوە زۆر گرینگە، بۆچی لێی ناپرسنەوە؟ دیاردەیەکی تاقمسالاری ئەوەیە کە گوناهی خۆیی دەبەخشێ و نایخاتە ڕوو و، لە ناخویی و خەڵکی دیکەشی دەکاتە هەرا و تەنانەت لێیانی گەورە دەکاتەوە تا بیانخاتە ژێر ڕکێف و بیانکاتە بەشێک لە تاقمەکەی خۆی. مەگەر نابینین کە چۆن کەسی خەتاکارتان هێناوەتە ناو کومیتەی ناوەندیی، بۆ ئەوەی تا سەر ڕا و دەنگی لەگەڵ ئێوە بێ و بێتە ژێر ڕکێفی تاقمی دەسەڵاتدار. ئایا بەوانە دەڵێن حیزبایەتی و چەسپاندنی حیزبییەت؟ خۆ فایلی دەنگەکانی پلێنۆمەکانی پێشو هەن کە مەبەستی ئێوە لەو چەشنە ؛حیزبایەتی"یە دەردەخات و لە هەموو ئەوانەش ڕونتر گۆڕانەکانی پێڕەوی ناوخۆتانە کە پۆیەک لە کاری جەمعی و حیزبییەتی پێوە دیار نییە.

**٣ ـ کێ کەسایەتی تاک و هاوڕێیانی شکاندووە، دەشکێنێ و بێ حورمەتییان پێدەکات؟**

یەکێک لە تەوەرەکانی ڕاگەیاندنە ١٨ لاپەڕەییەکەی ئێوە بۆ پاساودانی ئەو قەباعەتەی لە ململانێی ناوخۆییتاندا لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی و هاوڕێیانی، خوڵقاندتان، شاڵاوێک لە هێرشی ناجوامێرانە و پڕ بوختانتان ڕووبەڕووی ئێمە، کۆمەڵە_ڕەوتی ڕیفۆرم کردۆتەوە. هەرچەند ئەم ماوەیە سەرەرای چەندین جار شاڵاوی درۆ و بوختانی لەم چەشنە، ئێمە حەولماندا تا نەکەوینە شەڕەدندوکە لەگەڵ ئێوە، بەڵام وادیارە کابووسی رەوتی ڕیفۆرم هێشتاو، دوای پتر لە ٧ مانگیش، ئێوەی بەرنەداوەو، دایی‌جان ناپلیۆن ئاسا، ئێوە هەر دەڵێن، بەردێک لەو ئاسمانە بەربێتەوە، هەر خەتای ئەو "کەمینە بێهێزە چەند کەسییەیە کە هەندێک لاوی تازە گەیشتوە فیرگەی پێشمەرگایەتی کەوتونە شوێنیان". بە راستی تەکلیفی ئێمە چییە و چیبکەین؟ نە لە خۆتان گەڕان و نە لە ئیدیعای ناراست و پڕوپوچ دەستتان هەڵگرت، بۆیە ناچارین ڕاستییەکانی لەوبارەشەوە بە دەلیل و بەڵگە بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو خوێنەران باس بکەین. بەرێزان! "ناصر فاتحی"، "هیوا. م" و "حسێن بیهجەتی"و... کێن کە هەر زۆر زوو لە بڕیارەکانی ئێوە و ڕووداوی ناو پلێنۆم و کۆبونەوەکانتان ئاگادار دەبن؟ کێن ئەو تارمایيانەی سەر تۆڕی ئینتێرنێت کە نەک هەر لە هەموو شتی ناو ئێوە ئاگادارن، بەڵکوو بە فەوری خەتی تەبلیغی ئێوەش بۆ تەوزیحی هەر ڕوداوێک، دیاری دەکەن؟ نەکا بڵێن ئەوانەش فیتی "کەمینەیە" و ئەوان فێریان دەکەن؟ یان ڕەنگە بڵێن نایانناسن، ئەی چۆن دەکرێ ئێوە نەیانناسن و خۆتان لە هەڵوێستەکانیان نەکەن بە ساحێب، بەڵام پێش هەر وەدەنگ هاتنێکی رەسمیی ئێوە، ئەوانە ڕێوشوێنی وەڵامەکانتان بۆ دیاری بکەن و لەسەر سایتی رەسمیی حیزبەکەی ئێوە نەزەر و وتارەکانیان لە پێشەوەی‌پێشەوە دابندرێ؟ پێوەندی ئێوە و ئەو تارماييانە چۆنە کە لە سایتی ڕەسمی و حیزبی ئێوەدا، نەک هەر نووسراوەکانیان بۆ بڵاو دەکەنەوە، وێنەی درۆینەشیان بۆ مۆنتاژ دەکەن؟ بۆچی خۆت و خۆتان لەو هەموو جنێوفرۆشی و ئەو قەڵەمە قێزەونانە جیا ناکەنەوە؟ بۆچی ئەو بێحورمەتییە بە خوسووسیترین گۆشەی ژیانی ئینسانی کە، لە سیاسەت و حیزبایەتیدا بێوێنەیە، مەحکوم ناکەن؟ چۆن ئیجازە بە خۆتان ئەدەن باسی "ژوان" و "دڵدار"ی ئەو وئەو بکەن؟

وڵامی ئەو پرسیارانە لای ئێمە و هەموو کەس کە، تەنانەت بۆنێکی بە سیاسەت و حیزبایەتیەوە کردبێ، زۆر ڕوونە، ئەو تارماييانە کەس نین غەیری ئێوە و شەخسی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی. مەعلوومە ئەو قسە و وتارانەی کاک "ناصر فاتحی" ، "حسێن بیهجەتی"و...، لە لایەکەوە خەشی دڵ هەڵڕشتنە و بە جنێودان سوکنایی هێنان بە کەفوکوڵی دڵێکی قیناوییە کە هیچ ناپارێزێ و ناشیهەوێ و ناوێرێ ئەوانە بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە بڵاوبکاتەوە و بنوسێ و پاکانەش دەکا . لەلایەکی دیکەوە تێستکردنێکی سەرەتاییە تا بزانێ دواتر بە ناوی دیار و ڕەسمی چی و چۆن بنوسرێ، باشە، کاک عەبدوڵڵا ئایا بە ڕاستی دەبێ بە من بڵێن: " ئەی داوەشێی بۆ ئاخر و عاقیبەتت" یان بەو کەس یان کەسانەی وەک تارمایی و بە پەنامەکی دەخوشێنە مەیدانی سیاسەت؟ بۆچی دەبێ من و خەڵکانی دیکە داوەشێن؟ چونکوو تۆ و بی سیاسەتیەکەت و خو و ڕەوشتی تەشکیلاتیتمان قبوڵ نەبوو و نییە؟ بۆ بە هاورێ ناسری حیسامی، تێکۆشەری دێرینی کۆمە ڵە و، هەر بەڕاستی سیمای خۆشەویستی خەڵکی کوردستان، دەڵێن، "قاوەخۆری" لە "ئوروپا دانیشتو"؟ (کە هیچیان عەیب نین و جەنابت لە هەمومان زیاتر لە ئوروپا بووی و ئەوەمان بە عەیبیش بۆ حیساب نەکردی ) لە بیرت چۆتەوە ئەو کاک ناسرە لە دەورەی هەرەسەکەی دوای کۆمۆنیسمی کرێکاری، (وا ئێوە بەسەر کۆمەڵەتان هێنا و ئێمەمانانیش تێیدا خەتابار بووین کە درەنگ دژتان وەستاینەوە و لەبەر "مەسلەحەتی" کۆمەڵە بە زیادی وەحدەت تەڵەب بوین و زوو لە موخالەفەتتان کۆڵماندا) هەر کە زانی کۆمەڵە پێویستی پێیەتی، لە چوونە دەرەوەی وڵات خۆی پاراست و، لە تورکیاوە گەراوە بۆ کوردستان و، بۆ ئوردوگایەک کە، مەعلووم نەبوو چارەنووسی دەبێ بە چی؟ ئایا ئەو ناسرە، هەر "وەرگێڕ" بووە لە کۆمەڵەدا یان ساڵیانێکە ئەندامی ڕێبەری و کومیتەی ناوەندییە، کە ئەگەر جارێک گوتبێتی ئامادە نییە، بە من و تۆش دەورەمان داوە و هانماندا‌وە، خۆی بپاڵێوێ؟ مەگەر بۆ ٧ ساڵ بەرپرسی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی تەشکیلاتەکەی ئەوکاتی من و تۆش و ٥ ساڵیش سەرنوسەری گۆڤارە ڕەسمیەکەی هەمومان، دوای جیابونەوە، نەبوو و، نزیکەی ساڵێکیش بەرپرسی ڕۆژهەڵات تی.ڤی‌یەکە نەبوو کە بە حەق بۆ دەورەیەک ببوە میوانی هەموو ماڵێکی کوردی ڕۆژهەڵات و هەموشمان خۆمان پێوە ڕادەنا؟ بۆ لە خۆتان

ناپرسن ڕۆژهەڵات تی.ڤی هەرچەند ئێستا شوکر پشتیوانی ماڵی باشیشی بۆ پەیدا بووە، بۆ هێندە کزە و بۆتە موزیک تی.ڤییەکی دواکەوتوو؟ هەست ناکەن بێ ناسری و ناسرەکانی پێوە دیارە و هەتیو کەوتۆتەوە؟
برا گیان! پاکانە مەکە کە تۆ نوسەری وتاری تارماییەکان نیت، منیش چاک دەزانم بەرێزت نە "ناصر"ی و نە "فاتح"، هەروەک نە "ئەمین" بوی و نە "صادق"، بەڵام لە حاڵی تووڕەیی و هەستی تۆڵەستێنیدا، ئەسپی سەرکێشی خەیاڵ هەڵتدەگرێ و خۆت بە "فاتح" و "ناصر" دەبینی و خەڵکیش بە تاوانبار و خایین و "تەواب". باشە تۆ نی، ئەی بۆچی خۆت لە بۆچوونی قیزەونی ئەو وتارنووسە شاراوانەی سەر سایتە حیزبییەکەتان، جیا نەکردەوە؟ بۆ لە سایتەکەتان لاتان نەبردن؟ من زیاتر لە دوو حەوتوش ڕاوەستام و حەزم دەکرد، ئێوە بە ڕەسمی هەڵوێستی خۆتان لە تارماییەکانی سەر سایتەکەتان و ئینتێرنێت جیا بکەنەوە. نەک نەتان کرد، نیشانتاندا پڕوپاگاندەتان لەگەڵ هی ئەوان، هەر یەک بۆچوون و خەتی هەیە.
ئەوانەی سەروتر باسکران نمونەی هەرە تازەن کە چۆن تیرۆری شەخسیەت و کەسێتی ئینسان، بۆتە پیشەتان، دەنا خۆ گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، کێ هەیە لە کۆمەڵەدا بە دەستی ئێوە و بەرێزتانەوە چزی نەگەیشتبێتێ؟ یان ئەندامەتی لێئەستێندراوەتەوە یان بێحورمەتی پێکراوە، هەر بۆیەشە، کەس لە کۆمەڵەدا، دۆستت نییە و، قەت نەتتوانی دەست لەو ژێرپێخستن و شکاندنی کەسێتی کادر و هەڵسوراوانی کۆمەڵە هەڵبگری‌و، ئەگەر بۆ کاری تەشکیلاتی لەگەڵت ڕێکناکەون، تەنانەت دۆستایەتی شەخسیشت لەگەڵ کەسیان نەماوە و لە گەڵت نایکەن (جیا لە چەند کەس یاری غار، ئەویش ئیمانم بە زایە نەچێ زۆر دۆستی شەخسیت نین). ئەوانە بەس نییە بۆ ئەوەی مەعلوم بێ کێ شەخسیەت شکێنی دەکا و کردویەتی؟ کاغەز و ئیمزاکانی تۆ و کاک عەبوو مودەریسی هەر ماون کە چۆن کادرە لە مێژینە و خۆشەویستەکانی کۆمەڵەتان بە کۆمەڵ دەردەکرد، لەو دەورەشدا، ڕەخنەگران و روناکبیرانتان دایە بەر هێرش و دوژمنایەتیەکتان ساز کرد کە هێشتا لە بیر ناچێتەوە. تەنانەت سەروەری کارەکەتان بۆ ساغکردنەوەی کۆمەڵەیەکی چەپ و کوردستانیش، ئەو برینانەی ساڕێژ نەکرد. زۆربەمان ئەو کردەوە و گوناهانەمان، لە پێناو بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵە و دەسپێکردنی دەورەیەکی نوێی کاری هاوبەش، بە تۆ بەخشی، بەڵام داخەکەم، ئەو متمانە تازەشت سەقەت کرد و دیسانەوە چویەوە نوک و بڕیارتدا بۆ بە کاریسماکردنی خۆت، هەم ڕێکخراو و حیزبەکە، ڕەفیقەکانت و هەم سیاسەت بکەیە قوربانی. لە خۆت ناپرسی: بۆچی دوای ماوەیەک سیاسەتمان لەمەڕ گروپی وەحدەتی ئەوکات لێک جیا بوەوە و هاونەزەر نەماین؟ خۆ ئەوە هەر من نایڵێم، ئەو هاوڕێیانەش بە تەفاوەتی هەڵوێستەکانمانیان زانی و دەزانن. ئێوە ویستتان لەکۆڵ خۆتانیان بکەنەوە، ئێمە بوونیان و دۆستایەتیانمان هەر بە پێویست دەزانی. ئێستا بۆ کەوتونەتە ویزەی گیانی هەشتا و چەند کەس لە هاوڕێیانی قەدیمی کۆمەڵە و، تارماییەکان و ئەندامانی کومیتەی ناوەندیتان لە سەریان دەنوسن؟ مەگەر بە بڕوای تۆ هەر ئەوەی کە ژمارەیەک لە کادر و تێکۆشەرانی کۆمەڵە بێنە ناو مەیدانی دیالۆگ و ڕێز لە کۆمەڵە بگرن، هەنگاوێکی باش نییە؟ با لەگەڵ هەموو سیاسەتەکانی من و تۆ ڕێکنەبن، با تەنانەت موخالیف بن، خۆ هیچ نەبێ خۆیان دەردەخەن و زەمینە بۆ دیالۆگ دەرەخسێ. با پیت بڵێم، منیش لەگەڵ بەشێک لە بۆچونەکانیان موخالیفم و موافقی هەموو کردەوە و هەڵوێستیان نیم، بە تایبەتی ئەو هاوڕێیانە، جاری وا هەیە زۆر بێدەلیل هێرش دەکەنە سەر ئێمەش، بەڵام پێموایە و دەزانم، بەشی هەرە زۆری ئەو هاوڕێیانە گۆشتمان بخۆن ئیسقانمان ناشکێنن. بەس گرینگ ئەوەیە بیسەلمێنین هاواری ئەوانیش بۆ کۆمەڵەیە و گرینگتر لەوە قبوڵی بکەین کۆمەڵە و بزوتنەوەیەک ئەسڵە نەک بەرژەوەندی دیکە. من لاموایە کارکردن و چالاک بوونی ئەو هاوڕێیانە ڕێگا دەکاتەوە بۆ جارێکی دیکەی چالاکی حیزبییان و، من ڕێک ئەوەم پێخۆشە، تۆ پێت ناخۆشە، مەگەر غەیری ئەوەیە؟ ئەو تەفاوەتەی ئێمەمانان و ئێوەمانان لە چیدایە؟ با من وتۆ و هەموو ئەو کەسانەی لە ڕێکخراوێکدا بەرپرسایەتیان هەیە، بزانین و حەق بدەین بەو هاوڕێیانە تووڕە بن لە ئێمە، موخالیف بن و نەزەر دەربڕن، ئاخر هەموو ژیان و جوانی خۆیان داوە و حەقیانە خۆیان بە ساحێب بزانن. من ئارەزوو دەکەم زیاتر و جیدیتریش بکەونە دیالۆگ هەم لە ناو خۆیان و هەم لەگەڵ ئێمەمانانیش. قەت لەوەدا زەرەر ناکەین. چیدیکە بڵێم تا ڕۆشن بێتەوە کێ بە ڕاستی کەسایەتیەکانی ناو کۆمەڵە بە لەمپەری سەر ڕێگای خۆی زانیوە‌و، بۆ حەزف و شکاندنیان حەولی داوە؟

**٤ ـ کێ شەر و ئاژاوەی خستە ناو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و حەولی بۆ داوە؟**

کاک عەبدوڵلای بەرێز هەم لە پاساونامەکەی لەمەڕ جیابونەوەی ٧ مانگ لەوە پێش و هەم دوای رۆیشتن و جیایی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندام و پێشمەرگەکانتان لەم رۆژانەدا و، هەم لە چەند راگەیاندن و نوسراوی دیکەی رەسمی یان بە ناوی شاراوەتانەوە، ئێوە کۆمەڵەی رەوتی ریفۆرم بەوە تاوانبار دەکەن کە بوونە هۆی ئاژاوەگێڕی و تەنانەت خەیاڵی "کۆدەتای نیزامی" مان بووە. بە کاک عەبدوڵلای کۆنەپۆشیش ئەڵێن : "دەرسی باشی لە کەمینە وەرگرت و سەعاتی سیفری دانابوو بۆ تەقە". ئەوە تۆمەتێکی نارەوایە لە ئێمە و، راست پێچەوانەکەی دورستە، بۆیە پێویست دەکات وڵامی شیاوی خۆی وەرگرێتەوە، تا قەت نەوێرن دەستی چەوری خۆتان لەسەری خەڵکی هەڵبسوون و، کاری خۆکردوو بخەنە مل خەڵکێ. چونکوو هەر بەراستی پێموایە ئەو گێژاوانە ئێوەو، بە ئانقەست دورستتان کرد، چونکوو لە روونبونەوەی راستییەکان دەترسان و پێویستتان بوو بشێوێندرێ و ئەلحەقیش ئەو کارانەتان زۆر شتی شێواندوە و، دیتنەوەی راستییەکان کارێکی هاسان نییە. بەڵام حیسابتان لەسەر بەڵگە نەکردبوو و پێتانوابوو حافیزەی جەماوەر کورت ماوەیە، ئێستا کردەوەکانی خۆتانە، یەک یەک بەرۆکتان دەگرنەوە و ناتوانن لە ژێر باریاندا نەچەمێنەوە. دڵنیابن تا رەخنەیەکی راستگۆیانە لە خۆتان نەگرن، ئەو کاروانی دورکەوتنەوە و جیابونەوە لە ئێوە کۆتایی، نایەت.

بۆ رونکردنەوەی زۆرتری راستییەکان، مەجبورم ساڵانێک بگەرێمە دواوە و، هەندێک راستی باس بکەم کە بۆچون و ئارەزوی بە تایبەت تۆی بەرێز(کاک عەبدوڵڵا موهتەدی) بۆ خولڵاندنی پێکدادانی چەکدارانە لە ناو ریزەکانی کۆمەڵە، دەسەلمێنن. کاک عەبدوڵڵا مەگەر ئەوە تیۆری تۆ نەبوو کە: "بۆ ئەوەی دوو کۆمەڵە نەبێ و دواجار لە کوردستانی ئێران تووشی شەر نەبین، دەبێ ئێستا ئەو مەسەلە ببرینەوەو، ئێستا خەسارەکان کەمتر دەبن" بۆ ئەو مەبەستەش لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ ەوە دەستت نەکرد بە قسەکردن لەگەڵ کەسانی تایبەت و زەمینەسازکردن بۆ تێزەکەت؟ مەگەر لە ناو هاورێیانی کومیتەی ناوەندی ئەوکاتدا حەولت نەدا ئەو بۆچونە بکەیە بۆچونی زاڵ و ئامادەیان بکەی بۆ بڕیاردان و گرتنی ئوردوگای "رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە)" ؟ بۆچی واتکرد؟ ئایا من بوختان دەکەم و شتی وا لە گۆڕێدا نەبووە؟ یان رەنگە تۆ و کەسانی دیکە بڵێن راست نییە، ئەی تۆ(عومەر) بۆ بێدەنگ بووی و ئێستا باسی دەکەی؟ نەخێر ئەوکاتیش بێدەنگ نەبووم(نامەی ١٥. ٥. ٢٠٠٣ ی خۆم بۆ دەفتەری سیاسی کە تێیدا رەخنە دەگرێ لە وتارەکەی م.گلبدین لە سایتێ بروسکە، کە فەرمانێ شەڕ دژێ حکا دەدا، ماوە ، هەموو شت روون دەکاتەوە)، دڵنیاشبە زۆر بە سەر راستی لە درێژەی نوسراوەکەدا، وڵامی ئەو پرسیارانەش دەدەمەوە و روونیدەکەمەوە کە هەر لەو کاتانەوە، ئیتر وەحدەتی پێشوی ئێمە توشی گرفتی گەورە بوو و تێکچوو. بەڵام هێشتا هەر لەسەر جەنابتە جوابی پرسیارەکانی من بە ئا یان نا بدەیەوە. رەنگە بڵێی ئەو ئیدیعایانە راست نین، خۆ مەجیدی مارابی کە بۆ دەورەیەک باوەڕپێکراو و مەحرەمی رازت بوو، چووە ناو حیزبی کۆمۆنیست و هەموو شتی لە رادیۆوە باسکرد(بۆیە نهێنیش نەماوە) و ئێستاش کەس نییە لە تەیفی کۆمەڵەدا بەو نیازەی ئەوکاتت نەزانێ. جیا لەوانە، بەشێک لەو هاورێیانەی وا بە داخەوە، هێشتا هەر لەگەڵ حیزبەکەی تۆن و، کاتی خۆی لە موخالفینی بوێری ئەو سیاسەت و نیازەی جەنابت بوون، با قسە بکەن و بڵێن وانەبووە، تا مەدرەکەکانی روو بکەم(نامەی موخالەفەتی جەمعێک لە هاورێیانی کومیتەی ناوەندی ئەوکاتی کۆمەڵەم هەیە، کە کاک بەهمەن عەلییار، کاک حەمەی شافیعی و مامە عەودەش کە ئێستا لەگەڵ حیزبەکەی ئێوەن، ناویان تێیدا هەیە و سێ کەس لەو ٨ کەسە بوون، ئێستاش کەسانێکیان لەگەڵ ئێمەن و شوکر هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئەو دەورەیەش بە موخالیف و موافیقەوە، هەر ماون و لە ژیاندان)، هەڵبەت قەت پێموانییە ئەوانەی ئێستا لەگەڵ تۆشن، ئینکاری هەڵوێستی ئەوکاتیان بکەن و، شانازی ئەو هەڵوێستە باش و ژیرانەیان لە خۆیان بستێننەوە. تەنانەت ئەو هاورێیانەش کە زۆر موافیقی تێز و تیۆرییەکەی جەنابت بوون، مەگەر رەخنەیان لە خۆیان نەگرت؟ ئێستاش کەسیان هەیە کە لە هاورێیانی لای ئێوە یان لای ئێمەن و ئەوکات رەخنەیان لەو هەڵوێستەیان گرت و لە باسەکانی دواتری کومیتەی ناوەندیی بە پێچەوانە دەنگیان دا و، هەر بۆیەش ئەو سیاسەت و نیازە سەری نەگرت. مەگەر ماوەیەک لەولاولا ئەوەت بە دەستەوە نەگرتبوو، کە "کاتی جیابونەوە لە حیزبی کۆمۆنیست، عومەر نەیهێشت ئیمکانات بێنین و قەت ئەو خەتایەی پێنابەخشم"؟ منیش نەمگوتوە، بەڵێ راستە، من لەوبارەوە لەمپەر بووم و، هەرچەند موخالیفی جیدی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستم، بەڵام

بەو هەڵوێستەی خۆم و هاورێیانێک کە وایان بیر دەکردەوە و بۆ کەلوپەل نەیانهێشت "حەمامی خوێن" دورست بێ، شانازی دەکەم.
کاک عەبدوڵڵا هەموو ئەو حەولودەولانەی تۆ بۆ ئەوە بوو کە ئەوەی لەگەڵتن، کارگەلێکیان پێبکەی کە ڕێگای تریان جیا لە مانەوە لەگەڵ تۆ بۆ نەمێنێت. مەگەر لە دەورەی کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ ئێمە، کومیسیۆنی ئامادەکاریی کۆنگرەکەتان نەبوو بە کومیسیۆنێکی نیزامی و قسەی کاک فاروقی بابامیری بەرێز لە هەموو شوێنێک دەنگی نەدایەوە کە، دەیگوت "دەستتان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانتان بێ" و بە خەتی خۆی لە ڕەشنوسی جەلەساتی ئەو کومیسیۆنەدا نەینوسیوە: "بە بەهانەی گرتنی کۆنگرە هێز کۆکەینەوە و خەڵک چەکدار بکەین"؟ مەگەر دواتر بە ناوی "ستادی دژی ئینشیعاب" ستادێکی نیزامیتان دورست نەکرد تا چۆنیەتی گرتنی ئوردوگاکان و خەیاڵی خاوی چەککردنی هاورێیانی ئێمە بەرێوەبەرن؟(هەرکات ویستت ناوی فەرماندە دیاریکراوەکان و بەرپرسەکانت پێدەڵێم و کەسانێک لە خۆشیان حازرن شاهیدی بدەن). بەرێز کاک عەبدوڵڵا، ئێوە لە نوسراوەکەتان بۆ پاساودانی کارەکانتان لەمەڕ کاک عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی و هاورێیانی، دەنوسن: "لەگەڵ سەرانی کەمینە دەستیان تێکەڵاو کردبوو و...بە تەما بوون سناریۆی کەمینە دووپات کەنەوەو..... هێزی حکومەت بکێشنە ناو ئوردوگا" و لە درێژەدا دەڵێن: کە مەجالتان نەدا سناریۆی کەمینە دووپات بێتەوە و " ئاژاوەگێڕان خێرا چەک دەکرێن و دەردەکرێن و مەجالی جێبەجێکردنی پیلانەکەیان پێنادرێ" ئەو وتانە چەند ناراستی حاشاهەڵنەگری تێدایە:
لە کێشەکانی ئەوکاتدا ئەوە ئێمە نەبوین داوای هێزمان لە حکومەتی هەرێم کردبێ، بەرێزتان بوون ئەو کارەتان کرد و ئەو کەسە لە ناوبژیوانان بە شاهید دەگرم کە چۆن، داوای هێزی زۆرترت لێدەکردن، چونکوو بە هەڵە پێتوابوو ئەوەش دەبێتە هۆی گوشار بۆ سەر ئێمە. جیا لەوە گەر ئەو بە ناو "کەمینە"یە زۆر بەهێز نەبوایە و ئێوە بوێرابان، فەوری و هەر لە سەردەمی لەشکرکێشیەکە بۆ بەستنی کۆنگرە، دەستتان دەدایە چەککردنی. ئەوەی ئێمە نەمانهێشت دژی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست(کۆمەڵە) بیکەن، بۆ تۆڵەکردنەوە، دژی ئێمە دەتانکرد(ئەندامان و هاوکارانی "ستاد"ەکەشتان وادەڵێن، بۆیەش کەسانێکیان نییەتی ئێوەیان ناسی، ویژدانی کۆمەڵەیانەیان وەخەبەرهات، لێتان دور کەوتنەوە و لەگەڵ ئێمە هاتن). بەڵام تۆش لە من باشتر دەزانی، ئەو "کەمینە"یە گاڵتەی پێنەدەکرا، نەتانتوانی و قەت نەتاندەتوانی ئەو سناریۆی بۆ کاک عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی بەرێوەتان برد، دژێ ئێمە ئەنجامی بدەن. یەکەم، ئێمە هێزمان زۆر بوو و، چونکوو لە خۆمان خاترجەم بوین، جوابی هەر ئاژاوەنانەوە و پیلانگێریەکی ئێوەمان نەدەداوە. تەنانەت بۆ ئەوەی نەتوانن لە ئیحساساتی پێشمەرگەکان کەڵک وەربگرن و، بەگژ یەکتریان دابکەن، بۆ ماوەی زیاتر لە مانگونیوێک نەمانهێشت هاورێیانی پێشمەرگەی ئێمە لە چێشتخانەی ئوردوگا نان بخۆن. ئەوە هەموو ناوبژیوانان دەزانن. دوهەم: جیا لەوە هەر لە پاراستنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندییەوە تا پاراستنی کۆنگرەکەتان، بە بێ پێشمەرگەکانی ئێمە نەدەکرا و کاتێکیش ئێمە هێزی پاراستنی کومیتەی ناوەندیمان جیا کردەوە، ئێوە کەستان نەما بۆ پاراستنی خۆتان، بۆیە کادرەکانتان و خەڵکی هاوردەتان نایە جێگایان. تکایە چیتر خۆتان رامەنێن، پێویست بێ خۆت مەزڵوم دەکەی، لازمیش بێ دەبییە پاڵەوان و دەکەویە خۆ هەڵکێشان. نا براگیان، تۆ نە مەزڵومی و نە پاڵەوان، ئەوە ئیحساسی مەسئولیەتی قووڵی ئێمە و تێگەیشتن لە مەبەستی ناپیرۆز و لە مێژینەی ئێوە بوو، وایکرد ئێمە بەو هێزە زۆرەشەوە، دەست لە ئیمکانات هەڵبگرین و بە پێخەف و چەکی شانمانەوە ئوردوگا جیا بکەینەوە، ئەوەش بە شانازیەکی دیکەی خۆمان دەزانین.
بە پێچەوانەی نوسراوەکەی ئێوە، ئێمە پێشتر هیچ پێوەندییەکی سیاسیمان لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی و هاورێیانیدا نەبوو، ئەو "کەین وبەینی دووسێ مانگە" کە ئێوە باسی دەکەن، درۆی مەحزە و بۆیەش لە پلێنۆمەکەشتاندا لەوبارەوە هیچتان نەگوتوە. ئەوەتان دوای جیابونەوەیان ساز کردوە، دەنا پێشتر نەتان دەگوت. بەلام ئێمە ماوەیەکی کورت دوای جیابونەوەیان لە ئێوە، یارمەتیمان کردون و ئێستاش دەیکەین و سەری دیالۆگێکی شەفاف و هاورێیانەمان لەگەڵ کردونەتەوەو، ڕەخنەشمان لە رابردو و کارکردیان هەیەو بە ڕەسمیش گوتومانە.
جیا لەوانە، ناکرێ پێمبڵێن، ئەگەر ئەو قسانەتان بۆ "پیلان"ی کاک عەبدلێر راستە، بۆچی خەڵک و ناوبژیوانانتان رادەسپاردە لایان کە بگەرێنەوەو، تەنانەت حازرن لە پلێنۆمێکدا کاک عەبدوڵڵا بەرنەوە کومیتەی ناوەندیی؟ بۆ لە هەوەڵ راگەیاندنەکانتاندا دەتانگوت بۆخۆی ئیستیعفای داوە و بە رێزەوە باستان دەکرد؟ بۆ ئەو خیلافکاریانەتان باس

نەدەکرد؟ ئێمە وەکیلی کاک عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی نین و دیفاع لە خۆ بۆ راستی و ناراستی ئیدیعاکانی ئێوە بە خۆی دەسپێرین، بەڵام ئەوەندەمان لەسەرە رەوشت و کردەوەی ئێوە بناسێنین و لەو روداوەی دواییشدا، شوێنەوارەکانی ئەو کردەوانە، کە زۆریش زەقن، بخەینە بەرچاو.

پێویستە لە کۆتایی ئەم بەشەدا چەند قسەیەک لەسەر هەڵوێستی خۆشم بکەم و قەزاوەت بسپێرمە خوێنەران، کۆمەڵەییەکان و رای گشتی خەڵکی کوردستان. رەنگە لە من بپرسن، ئەوکاتی کە پلانی چونەسەر رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست(کۆمەڵە) هەبوو، بۆ لە قاوت نەدا؟ بەر لە هەموو شتێک من دژایەتی توندی ئەو بۆچونەم کرد، تەنانەت بە کومیتەی ناوەندیم راگەیاند گەر ئەو بریارە بێتە مەرحەلەی جێبەجێکردن، راگەیاندنی لەسەر دەدەین. لەگەڵ هاورێیانێک کەوتینە تەگبیر و لەم پرۆسەدا قەناعەتم پەیدا کرد کە زۆربەی هاورێیانی کومیتەی ناوەندیی ئەوکاتی کۆمەڵە، دەنگ بە وەها هەڵە و کردەوەیەکی شێتانە و نامەسئولانە نادەن. دواتریش لە جەلەسەیەکی کومیتەی ناوەندی رەخنە لەو ئاکار و پلانە گیرا و زۆرینەی کومیتەی ناوەندیی بریاری پێچەوانەی دەرکرد. هەم بەری کارەکە گیرابوو و، هەم ئەوانەی تێوەگلا بوون، رەخنەیان لێگیرا و بە دوای ئەوەشدا تا ئێمە پێکەوە بووین، قەت ئەوە جارێکیتر تەرح نەکراوەو، نەشیدەتوانی تەرح بکرێتەوە. سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستیش بە چونی مەجیدی مارابی، بە هەموو شتێکی زانیبوو و، بۆ دەرەوەی ئەو دوو رێکخراوەش تا رادەیەکی زۆر ئاشکرا کرا و باسیانکرد، تەنانەت لە هەڵوێستی منیش و هاورێیانێتریش ئاگادار بوون. بە هەموو ئەو دەلیلانە، باسکردنی روو بە دەرەوەی لەو کاتەدا، مەوزوعیەتی نەبوو. ئێستاش بۆ ناسینی راستی هەڵوێستەکان و، ئەو خۆڵ لە چاوی جەماوەرکردنەی کە رێبەری حیزبەکەی ئێوە، دەیکەن و، بۆ زانینی پێشینەی ئەو مەیل و ئارەزوەی کە بێپسانەوەو، بە تایبەتی لە جیاییەکەی ئێمەشدا، تێکۆشاوە بە سازکردنی تێکهەڵچونی چەکداری لە ناو هاورێیانی هاوسەنگەری پێشودا، پێگەیەکی "قایم" بۆخۆی دەسەبەر بکات، بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی، باسیان لێوە بکەم و رواڵەتی راستەقینەی ئێوەی بەرێز لەو بارەوە، بخەمە بەر دیدەی هەموان. زۆر سەمیمانە و جیا لە کێشەی نیوانمان با بڵێم، بەدڵ پێمناخۆشە دەرستان وەرنەگرتوە و هەر لەسەر ئەو رێگا چەوتانە دەرۆن و، رۆژ بە رۆژ زۆرتر سەلاحیەتی کۆمەڵە بوون و خەباتکار بوون لە خۆتان دەستێننەوە و پشتدەکەنە باشیەکانی پێشینەشتان. باشتر ئەوە نییە دەست لەو بەزم و پیشەیە هەڵبگرن و دەردی سەری زیادی دورست نەکەن بۆ خۆتان و بۆ کۆمەڵەش؟ لە کۆڵی بنەوە، چیتر درک مەبن.

**٥ ـ کێ ئینشیعابی کرد و کێ حەولیدا نەبێ، کێ گوتویەتی سێ کۆمەڵە یەکبگرێتەوە؟**

خاتوو کەژاڵ قەمەری لە جنێونامەکەیدا بۆ من سەرزەنشتم دەکات کە بۆچی دەڵێم سێ کۆمەڵەکە یەکبگرێتەوە؟ دواتر دەپرسێ ئەگەر ئەوە نەزەرمە، بۆ لەتم کردوە و دوانم کردوە بە سیان؟ "خۆ دوو زووتر لە سێ دەبێ بە یەک و شێتیش کاری واناکات" یەکەم وڵام ئەوەیە من هێندە گەمژە نیم کە پێموابێ ئەو سێ رێکخراوەی بە ناوی کۆمەڵە کار دەکەن، بکرێ بە هاسان لە حیزبێکدا یەکبگرنەوە. بۆ مەگەر لەبیرم چۆتەوە بۆ ئەوەی رێگا لە پێکەوە کارکردنی دێمۆکراتیک و بە تەوافوق بگرن، کاک عەبدوڵلای تیۆری و هەرەشەی دورستکردنی "حەمامی خوێنی" لەسەر "بستێک خاکی ئوردوگاکان" دەکرد؟ ئێستا کە بە سەد چەرمەسەرە و بەدبەختی، بە خۆشییەوە نەمانهێشت ئەو "حەمامی خوێنەی" کاک عەبدوڵڵا وەرێ بخرێ، تازە چۆن دەکرێ لەگەڵ ئەو بۆچونە سوک و سانا بچینەوە ناو حیزبێک؟ نا، خاتوو کەژاڵی بەرێز، نە من ئەوەندە شێتم و، نە ئێوە کە پێتانوایە "تازە دوای جیایی" ئێمە "بوون بە حیزب"، ئەوەندە ساویلکە بن لەگەڵ ئێمە بچنەوە حیزبە "نەرمەلیقە"کەی ساڵێک لەوەپێش و دەست لەو حیزبە "شۆڕشگێڕ" و "کارا"یەی ئێستا هەڵگرن و گێرە و کێشەی دیدار لەگەڵ ئەو و ئەو و چۆنیەتی زابیتەکەی بژیەننەوە. من باسم لە بەرەیەکی کۆمەڵە یان بەرەیەکی چەپ کردوە نەک یەکگرتن لە حیزبێکدا. بەو حیسابە، دیارە، ئەوەندەش شێت نیم کە خاتوو کەژاڵ قەمەری پێیوایە یان حەز دەکا ئەوەم پێوە بلکێنێ. دوهەم وڵامم ئەوەیە: خۆ من ئەو حیزبەم لەت نەکرد و، سەرەرای جیاوازی زۆری سیاسی و تەشکیلاتی، تا ئاخر حازر بووین بە هەموو جۆرێک بسازێین تا بەڵکوو بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە بمێنینەوە. خاتوو کەژاڵ و کاک ناصر فاتحیو... بوون کە هەموو رێگایەکیان کوێر کردەوە وهەموو پێشنیاری ناوبژیوانانیان رەد کردەوە، ئاخر جاریش پێشنیاری ناو بژیوانان لە لایەن کاک عەبدوڵڵاوە بە سەراحەت قبوڵ نەکرا. بۆچی لە خۆتان ناپرسن ئەو هاورێیانەی تەشکیلاتی نهێنی کە حەولی زۆریاندا، هەمویان

بەو نەتیجە گەیشتن کە ئێوە حازر بە سازان نین و ئەوەش کەسانێکی لێ دڵسارد کردنەوە؟ بۆچی کۆنگرەیەکی جیناحیتان بەست و حازر نەبوون هەر بەو رێژەیە هاورێیانی ئێمەش هەڵبژاردن بکەن تا بێنە کۆنگرە؟ قسە لەوبارانەوە زۆر کراوە و مێژووی کۆمەڵە و روداوە نزیکەکەی ئەم دواییەی ناو ئێوەش ئەوە دەردەخەن، کە ئێوە حیزبتان ناوێ، بەڵکوو بەلای کاک عەبدوڵلاوە، حیزب ئامرازێکە بۆ دورستکردنی کاریسما، ئەو تیۆریەش وایلێکردن کە کاریسما لەگەڵ خۆی حیزبەکە نوقمی گێژاوەیەک بکات کە هاتنەدەر لێی چەتونە. بە راستی دوای پتر لە دوو ساڵ ململانێ، هێشتا پێتانوایە ئەو جۆرە قسانەتان کرِیاری هەیە یان ناچاری، بێدەرەتانی و سەرلێشیواوی بۆ دوپاتکردنەوەیان، پاڵتان پێوە دەنێ؟ هێشتا ئەوەی دوهەمیان بێ باشترە لەو وەهمەی کە خەڵکتان پێ شێت و گەمژە بێ.

**کۆتایی و سوپاسێک**

خاتوو "کەژاڵ قەمەری" لە جنێونامەکەی خۆیدا بە من دەڵێ "کاک حومبەر" و پێیوایە بەمجۆرە ئازارم دەدات. پێویستە تەوزێحێکی کورت لەوبارەوە بدەم: کاک رەسولی نیوەکار(رەسوڵ مەنسوری) خەڵکی گۆلێ مەرزینگان و کادری لێهاتوی کۆمەڵە و یەکەم زەحمەتکێشی کە ساڵیانێک پێش راپەرینی گەلانی ئێران لەو ناوچەیە بە هۆی من و کاک موحسینی رەحیمیەوە، پێوەندی رێکخراوەیی لەگەڵ کۆمەڵە گرت، وردە وردە بوو بە ناوێکی ناسراو و کەسێکی دیاری شاری بۆکان و دەوروبەری. بە داخەوە شەهید بوو، بەڵام تا هاتوچوی پێشمەرگە بۆ ناوەوە هەبوو و ئێمە لە نزیک سنورەکان بووین، منداڵەکانی دەهاتنە سەردانی من و هەر بە زمانی ئەو ناوچەیەش بە منیان دەگوت : "کاک حومبەر". شەوبۆی کچم(یادی بەخێر و بەرێز بێ) لەگەڵ کچە چکۆلەکەی ببوە رەفیق و، تا ما، هەر بە زمانی ئەوانەوە، بە زۆری بە منی دەگوت: حومبەر، کاک حومبەر، بۆیە زۆرێک لە هاورێیانی کە نزیک بووین پێکەوە، جارجار و بۆخۆشی ئاوا ناویان دەبردم و ناوم دەبەن. "کەژاڵ خانم"یش یەکێک لەو کەسانەیە کە نەیویستوە خۆی بناسێنێ، بەڵام کاک عەبدوڵلای بەرێز، ئەو وەبیرهێنانەوە ئەگەر بۆ من خۆشە، بەڵام بۆ تۆ و خاتوو "کەژاڵ" بە سوک باسکردنێ ئاوهای ئەو ناوەی من لە جنێونامەکەدا و، چونە ئەو مەیدانە، هەر لە هەمان روحیەی قیناوی سەرچاوە دەگرێ، کە سەروتریش باسی لێوە کراوە. بە راستی نزم بوونیش سنورێکی هەیە.
لە کۆتاییدا، من دەستپێشخەری ناکەم، بەڵام هەرکات ئێوە بە پێویستی بزانن یان وەک کاک حەمەی شافیعی دەڵێ " ئەسنادی پلێنۆمەکان بڵاو دەکەینەوە"، هەموو ئەسنادی پلێنۆمەکان، ئەسنادی کۆنگرەکان هەتا کۆنگرەی ١١ لامان هەیە، حازرین بڵاویان کەینەوە. جیا لەوانە، مەترسن، هەموو کەسایەتی و حیزبێکی سیاسی، نهێنێ هەیە، ئێمە بە هەموو ئەو تەعەهوداتەی لەوبارەوە و ئەوکاتی پێکەوە بومانە، پابەندین، مەگەر خوتان دەست پێبکەن بۆ درکاندنیان، دەنا ئێمە نایکەین، بەڵام با راشکاوانەش بڵێم لە ئاشکرابوونی هیچیان نیگەران نین و ناترسین، هازا گۆ و هازا مەیدان.

عومەر ئێلخانیزادە
١٤. ٥. ٢٠٠٨ یا ٢٥ گوڵانی ١٣٨٧

سەرچاوە: سایتی ٤رۆژهەڵات